عەبدوڵڵا سەمەدی

# تەنزێکی بەهێز و سەرکەوتووی ئەدەبی کوردی

## ** بەیتی مامڕێوی **

تەنز وەك لایەنێکی ڕەنگین و کاریگەری وێژە، بە درێژایی ژیانی خۆی، چەکی دەستی چینی چەوساوە و بێدەسەڵاتی کۆمەڵی ئادەمیزاد بووە. ڕاستەقینەکان تاڵ و تفتن، و ڕاستەوخۆ بۆ نەخۆش قوت نادرێن. تەنز ئەو توێژە جوان و شیرینەیە کە بەسەر کەکرەی دەرماندا دەکشێ و نەخۆش بێئەوەی بەخۆ بزانێ و بپرینگێتەوە، دەستی بۆ دەبا و ڕۆیدێڵێ.

هیچکام لە بابەتەکانی ئەدەبی، هیندی تەنز گرینگ و ئەستەم نین. چونکە ئەم، تیغی دوو دەمە و لەکارهێنانی بۆ ناشارەزا ناشێ. هەر بۆیە تەنزی سەرکەوتوو کەمە و تەنزنووسی لێهاتووش دەگمەن. سەرەڕای ئەمانەش، هەر بە هۆی ئەستەمی و دوو دەم بوونی ئەم چەکەیە کە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، بابەتی تەنز یا بە بێنێو بڵاودەکرێتەوە، یا خاوەنەکەی لە پشت پەردەی نێوێکی خواستراوەوە خۆ دەپارێزێ.

بەداخەوە وێژەی کوردی، هەرچەند تەکوتەرا وردە بابەتی لەم چەشنەی هەیە، بەڵام لە تەنزنووسێکی پڕ بەهرە و بەرهەم فراوان، یا تەنزگەلێکی سنوور بەزێن و نێوبەدەرەوە بێبەشە. بەڵام هەر ئەو وردە بابەتە نەغدانە، هی وا بە پێزیان تێدایە کە مزگێنیی کرانەوەی دەرگایەکمان ڕوو وەو ئەو ئاسۆیە دەدەنێ و وامان لێدەکەن کە بە داهاتوو ئومێدەوارتر بین.

یەك لەوانە ***بەیتی مامڕێوی*** یە، کە لە کۆتایی چلەکانی هەتاویدا دەبێ لە دایك بووبێ. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە ئەو بەیتە لە سەر شریت، بە خوێندنەوە و ڕاوێژی لە بار و وەستایانەی **کاك ڕەشاد شەمسەددینی** سەری هەڵدا و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، جێگایەکی تایبەتی لە نێو توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵدا وەدەست هێنا و لە دڵی هەموو کەسێکدا شوێنێکی گرت. هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە لێیدەڕوانی و پەسندی دەکرد.

شوێنپێ هەڵگرتنی ئەم بەیتە ڕەخنەیییە، تەنیا بوارێکی هەبوو، ئەویش ڕاستەوخۆ دەچۆوە لای کاك ڕەشادی خوێنەرەوەی بەیتەکە.

لە شاری بۆکان، ڕۆژی هەینی، ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٧٩ی هەتاوی( = 10/11/2000)، دەفتەری هەڵبەستەکانی لە پێش دانام، کە بە خەتێکی زۆر خۆش نووسیبوویەوە و زۆر بە ڕێکوپێکی کۆی کردبوونەوە. کارەکان زۆربەیان هەر هۆنراوەی تەنز بوون و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. تەنانەت **بەیتی**

**کیسەڵ و قالاو** لە هەمان مایە دابوو، و خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ بەیتەکەی مامڕێوی هەبوو. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، نەمتوانی بەیتی مامڕێوی نە لەباری نێوەرۆك و نە بیروئەندێشەوە، و نە لە باری وێنەی شێعری و وشە و وردەکارییەوە، لەگەڵ ئەوانی دی هەڵسەنگێنم. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بەشێکی زۆری شێعرەکانی کاك ڕەشاد، ئەزموون و بەرهەمی تازەتر بوون. تەنانەت **کیسەڵ و قالاو** ەکەی نۆزدە ساڵ پاشی **مامڕێوی** یەکە بوو!

پووختەی قسەکانی کاك ڕەشاد دەربارەی خۆی و بەرهەمەکانیدا و سەبارەت بە **بەیتی مامڕێوی** ئەوە بوو: « ناوم ڕەشادە و کوڕی ئەمانوڵلابەگم، لە عەشیرەتی بەگزادەکانی بۆکانم و لە ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی(= ١٩٣٩) لە گوندی **عەیشابات** ی ناوچەی **ئێلتەیموور** ی موکریان، لەدایك بووم. ئەمانوڵلابەگی باوکم، کوڕی مستەفابەگی کوڕی گەنجاڵی بەگە. گەنجاڵی بەگ لە مەدینە کۆچی دوایی کردووە و هەشت کوڕی لەدوا بەجێماوە: ئاغا ئەحمەد بەگ، مەحموود بەگ، حاجی مۆمن خان، ئاغا ڕۆستەم بەگ، مستەفابەگ، قۆچ بەگ، ئاغالە، ڕەشیدبەگ. زۆربەی شێعرەکانم تەنز و ڕەخنەن لە بیروبۆچوون یا داب و نەریتە دزێوەکانی کۆمەڵ. خۆشم لە ناو خەڵکا بە قسەخۆش و نوکتەوێژ ناسراوم و لە باری شێعریشەوە، جەماوەر بە شاعیری بەیتی مامڕێویم دەناسن. ئەو بەیتەم لە زستانی ساڵی ١٣٤٥ (=1966 یا 1967) داناوە. بەڕای خۆم بە سەرکەوتووترین کارمی دەزانم. هەڵبەت ناوەرۆکی بەیتەکە، لە چوارچێوەی داستانێکی کورتی فۆلکلۆردا، هەیە و من بە منداڵی لە خوشکی خۆم بیستبوو. بەڵام لەو ساڵەدا من بە هۆندنەوەی خۆم دامڕشتەوە و وێنە و پەیڤی تازەم خستە سەر و بە شێوەی تەنزێکی کۆمەڵایەتی، لە سەر کاسێت بڵاوم کردەوە. »

شێعر یا هەر بەرهەمێکی هونەری یا وێژەیی، لە کاتێکدا بە هۆی کەسێکەوە لە دایك دەبێ، لە هەمان کاتیشدا خاوەنی سەربەخۆیییەکە لە ژیانیدا. یانی ڕێگەی چارەنووسی خۆی دەبڕێ و دەوری خۆی دەبینێ. خاوەن بەرهەمیش لە ئاستیدا دەبێتە تاکێکی کۆمەڵ.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، لێدوان و شیکردنەوەی بەرهەم بە گرینگتر دەزانم لە خاوەن بەرهەم؛ کە هەڵبەت ئەوە بە مانی پشتگوێ خستنی خاوەن بەرهەم نییە، چونکە ئەوان بە ناوی خاوەن ئەندێشە، لە مێژووی ئەدەبدا جێگە و پلەی تایبەتی خۆیان دەگرن و ئەو مافە دەبێ بپارێزرێ. بەڵام دەورێکی کە بەرهەمەکە دەیبینێ و شوێنێکی کە لەسەر کۆمەڵ دایدەنێ، شتێکی جیاوازە و گرینگایەتیی خۆی هەیە.

دەکرێ بڵێین ژیانی مرۆ لەو ڕۆژگارانەوە کە شارستانییەت و بیری نوێ توانییان ئاڵوگۆڕی بەرچاوی تێدا بەدیبێنن و هیمی پتەوی بۆ داڕێژن، بووبە مەیدانی بەربەرەکانیی گەلێك دژایەتیی ئاشکرا، کە ئاکامەکەی لە شەڕ، چەوساندنەوە، زیندان و ئەشکەنجە و پێشێلکردنی ماڧی یەکتر و هەوڵ بۆ

وەدەستخستنی دەسەڵات و فلیشانەوەی کۆمەڵێکی فەرمانبەر لە ژێر پێی تاقمێکی فەرمانڕەوادا، خۆی نواند.

دەسەڵاتداران بۆ پەسند نیشاندانی ڕێبازی چەوساندنەوەکەیان، باشترین پۆلیتیکیان دۆزییەوە؛ ئەویش کەڵکوەرگرتن لە بیر و مەکتەبە جۆراوجۆرەکانی ڕامیاری و فەلسەفی و زانستی و ئایینی بوو، بە چەشنێکی دەمامك و هەڵخەڵەتێنەر. چونکە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بیر و مەکتەبانە ڕاستەوخۆ بۆ دابینکردنی بەختەوەریی کۆمەڵگای ئادەمیزاد پێیان نابووە مەیدانی ژیانەوە. سازکردنی شێوەیەکی ***جەعلی*** لە مەکتەبێکی ڕامیاری یا ئایینی، دەیتوانی مەرامی تاقمی چەوسێنەر بۆ گەیشتن بە ئامانج، دابین بکات. ئەمە لە لایەك؛ و لە لایەکی تر، هەڵبژاردەکانی کۆمەڵ بە هەمان شێوە کەوتنە بەربەرەکانی و لە هەمان شێواز کەڵکیان وەرگرت بۆ پووچاندنەوە و لە کارخستنی ئەو مەکانیزمە. یانی ئەوانیش بە ساز کردنی شێوەیەکی ***جەعلی***، بەرەیەکی ڕووبەڕوویان کردەوە. چەکی دەستی ئەو تاقمە هەڵکەوتەیە، تەنز بوو. بۆیە جەعل بوو؛ چونکە ڕاستەوخۆ پەنجەی نەدەخستە سەر ئەو بابەتانەی کە پلانیان بۆ داڕێژرابوو و بە زیرەکییەوە جەماوەریان پێ وەسەما دەخرا. ئەگەر ئەو کارە بە شێوەی ڕاستەوخۆ کرابا، هەر خێڵی فریوخواردووی کۆمەڵ هەڵدەبەزییەوە و ڕادەپەڕی و ئەرکی چینی فەرمانڕەوای هاسان دەکرد، و دەنگەکەی لە منداڵدانـدا دەخنکاند. مێژووش شاهیدی گەلێك لەم ڕووداو و کارەساتانەیە. ئەوەبوو کە پێویستییەك بە ناوی تەنز هاتە ئاراوە.

تەنز، ڕاستییەکانی لە جلوبەرگی گاڵتە و جەفەنگدا دەخستە ڕوو، و ڕوحی گریانی لە جەستەی پێکەنیندا بەرز دەکردەوە. لە پلەی هەوەڵدا جەماوەر، کە خۆی مەترسیی ڕێگای ڕەخنەگر بوو، بابەتەکەی بە پێکەنینەوە وەردەگرت؛ بە بێئەوەی بزانێ ئاکامەکەی چییە. لە پلەی دوویەمدا، چینی حاکم و دەسەڵاتداریش بە سووکی لە بابەتەکە دەگوزەرا و بە جەفەنگێکی دوور لە مەترسی دادەنا. تەنانەت ئەویش بە پێکەنینەوە وەریدەگرت، بە بێئەوەی هەست بە بنکۆڵ کردنی شوورەی دەسەڵاتەکەی بکا.

لەم ڕێبازی شارستانییەتە و لەم مەیدانی دژایەتییەدا، کەڵکوەرگرتن لە شێوەی **جەعلیی** ئایین و ڕێبازگە، بە درێژایی مێژوو، ویستی تاقمی دەسەڵاتداری دابین کردووە و توانیوێتی لافاوی بە خرۆشی کۆمەڵ، لە چواردیواری گۆلێکی مەند و ئارامدا ڕام بکا و لە بەرامبەر دێوجامەیەکی ڕەنگاوڕەنگا کۆیان بکاتەوە.

لە ئەدەبی گەلاندا بەرهەمی بە پێز زۆرە بۆ ئەم بەربەرەکانییە. لەوانە؛ ئەوی لە قالبی تەنزدا بووە، سەرکەوتنی پتری وەدەستهێناوە و تەمەنیشی درێژتر بووە و لە ناو جەماوەریشدا خۆشەویست بووە. بۆ وێنە ئاماژەیەك بە ئەدەبی فارسی دەکەین : حافزی شیرازی هەرچەند تەنزی نەنووسیوە، بەڵام بە

پشتیوانیی چامە بەهێزەکانی، توانیویەتی زۆر ئاماژەی بە ئاشکرا لەم بارەوە بکا، و ئەم ئیشارە و ئاماژانە لە کەم غەزەلیدا هەیە کە ڕاستەوخۆ نەگوترابێ، یا لانی کەم ڕەنگی نەدابێتەوە. وەك:

ای کبك خوش‌خرام کجا می‌روی؟ بایست　　　　غره مشو که گربەی زاهد نماز کرد

لە بەرهەمە فراوانەکانی ئەدەبی فارسیدا، ئەوی لەم ڕێبازەدا نووسرابێ، هیچیان تۆزی **کتك و مشك**ەکەی ***عوبەیدی زاکانی*** ناشکێنن. لەبەرەوە پێویستە بڵێم؛ نوێنەری تاقمی دەسەڵات لە ئەدەبی فارسیدا، **پشیلە** یە. چونکە ئەم زیندەوەرە، بە سیما؛ مەعسوم و بێتاوانە، بە شێوە؛ لەبار و نەرمونۆڵ و جوانە، بە خۆشەویستیش؛ لەبەردڵان و خۆڕێکخەرە و جێگای لای ژوووروویماڵە. کەچی لە هەمان کاتدا، بە خووخدە؛ دز و تاوانکار و بێسەفەتە. بەرژەوەندیی خۆی لە سەرووی هەموو پێوەندییەکەوەیە و متمانە بە دۆستایەتییەکەی ناکرێ. ئەوەش هەڵبژاردنێکی بەجێ و سەرکەوتوانەیە لە ئەدەبی فارسیدا. تەنانەت لە کتێبی **کلیلە و دیمنە** دا، کە لە سەردەمی ساسانییەکان، لە زمانی سانسکریتەوە کرایە پەهلەوی، پشیلە کراوەتە نوێنەری زاهید و تۆبەکار، و لە سەر کورسیی شەرع، دادی باڵندەکان دەپرسێ!! ئەویش چ پرسینێك؟! ئەم دیاردەیە لە کلیلە و دیمنەدا چەند ڕاستییەك دەردەخا، لەوانە: <u>کۆن بوونی ئەم کێشەیە</u>؛ <u>قووڵ بوونی ئەم برینە</u>؛ <u>هاتنە مەیدانی تەنز بۆ بەربەرەکانی</u>.

زاکانی لە بەرهەمەکەیدا لە پشیلەیەك دەدوێ کە لە میحرابی مزگەوتا بە سەر ڕوودا کەوتووە و چاوێك و هەزار فرمێسك دەگری و دەبارێنێ. لە بارەگای خوا دەپاڕێتەوە کە ئەگەر بێتو تۆبە و پەشیمانیی ئەمجارەی لێوەربگیرێ و ببەخشرێ، لەمەو دوا هیچ مشکێك بە عەزمی خواردن ناگرێ. هەروەکوو مامڕێویش لەم بەیتەدا، بە وەبیرهێنانەوەی مردن و ترس لە لێپرسینەوەی دواڕۆژ، بڕیار دەدا و دەڵێ: " بە عەزمی خواردن هیچ مەلێ ناگرم ".

پشیلەکەی زاکانی، ڕوو بە ئاسمان دەلوورێنێ[1] و سینگ ڕە زەوی دەخا و پەنجەی پەژیوانی لە سەر دەدا و جێگای هیچ شك و گومانێك ناهێڵێتەوە بۆ ئەو مشکە ساویلکەیە، کە لە زارکی کونەکەیڕا، لە قوژبنێکی مزگەوت، شایەدی ئەم ڕووداوە سەیرەیە و لە حاند پشیلە دڵی بووەتە ئاو!

بەم جۆرە، هەواڵی ئەم تۆبە و شین و زارییە، دەگەیەنرێتە خێڵی مشکان و دەبێتە قریوە و شادی. تەگبیر و ڕا دێتە سەر ئەوە کە حەوت مشك لە سەرۆك هۆزان و مەزنان هەڵبژێردرێن و بە سەوقات و دیاریی هێژا و نایابەوە، بە نوێنەر بچنە لای پشیلە و پیرۆزبایی تۆبەی لێبکەن و بناغەی دوستایەتییەکی نوێ دابمەزرێنن. حەوت مشکی قەڵەو، کە دەگەنە بەر دەم پشیلەی تۆبەکار، وەك مێوژۆکە دەلەرزن. بەڵام تەسبێحی سەدویەك دانە و بەرماڵ و ورتە ورتی ژێری لێو و ساموهەیبەتی

---

[1] دیارە **لووراندن** بۆ پشیلە ناشێ؛ بەڵام لێرەدا بە مانای پاڕانەوەی بە دڵ و بە ئەوپەڕی زەلیلیە. بۆ مرۆڤێکیش کە زۆر بە خالیسی بپاڕێتەوە بەکار دەهێنرێ.

میحراب و مزگەوت، هەندێ هێوریان دەکاتەوە و هەنگاو بە هەنگاو پێشتر دەچن و دیارییەکان پێشکەش دەکەن. پشیلە کە چاو هەڵدێنێ  ئەم دیمەنە شیرینە دەبینێ، بۆ گرتن و خواردنی ئەوان، پشت بە بەڵگەیەکی شەرعی دەبەستێ و دەڵێ: خوا خۆی فەرموویە "ڕسقی ئێوە لە ئاسمانە". من گەلێکم برسێتی و بێخەوی کێشا. زۆر بە ڕۆژوو بووم. ئێستا ئەوە زیافەتی خوایە و پاداشتی شەونخوونی و شەونوێژی خۆمە. بەم چەشنە لە هێرشێکی کوتوپڕدا، دوو بە پێشوو، دوو بە پاشوو و یەك بە ددان دەگرێ و دوو مشکیش دەرباز دەبن و ڕادەکەن تا هەواڵی کارەساتەکە بگەیەننەوە لای مشکان.

کەوایە، پشیلەیەکی لاواز و برسی، کە ئەگەر بەخت هاوڕێیی بکردایە، تەنیا مشکێکی بە هەزار کوێرەوەری چنگ دەکەوت، ئەمڕۆ لە سایەی تۆبە و تەسبێح و نوێژ، پێنج پێنجی دەگرت، ئەویش بەبێزەحمەت و خۆ لە مەترسی هاویشتن.

بەیتی مامڕێوی، هەرچەند لەگەڵ کتك‌ومشکەکەی زاکانی، یەك ئامانجیان هەیە و یەك بەرهەمیش وەدەست دێنن، بەڵام لە بابەت چوونە ناو باسەکە و شێوە داڕشتن و ڕیزکردنی ڕووداوەکان، زۆر جیاوازن.

لێرەدا هەڵسەنگاندن و لەبەریەكڕانانی ئەم دوو کارە سەرکەوتوویە، نە بە پێویست دەزانم و نە بە ڕاست. بەڵام دەمەوێ هیمای هەندێ خاڵی زەق و بەرچاوی هەر دوو لا بکەم و سووکە ئاوڕێکیش وە لایەنەکانیان بدەمەوە.

ئەگەر لە کتك‌ومشکدا، پشیلە لەگەڵ مشك ئامبازە، لە بەیتی مامڕێویدا، ڕێوی لەگەڵ باڵندانی جۆراوجۆر ڕووبەڕوویە و هەر یەکەش زمان و بۆچوون و بەلگەی تایبەتیی خۆی پێویستە. ڕێوی لەگەڵ کەڵەباب بە چەشنێك و لەگەڵ لەگلەگ بە چەشنێك و لەگەڵ پەپوو و کەو و کۆتریش هەرکام بە چەشنێك دەدوێ. سەرەڕای ئەوە، قورسی و گرینگیی کارەکە بەوە دووقات دەبێ کە ڕێوی بۆ هەرکام لەم باڵندانە، دوو دەستە بەڵگەی پتەوی دژ بەیەکی پێویستە. یەکەم بۆ فریودان و سواری کەر کردنیان، دوویەم بۆ تاوانبارکردن و خواردنیان. وردی و ژیریی بابەتەکە لێرەدا پتر خۆ دەنوێنێ کە هەر ئەو مەبەستانەی لە قۆناغی هەوەڵدا بە تاریف و پێهەڵگوتن لەسەر باڵندەکان حیساب دەکرێن، لە قۆناغی دوویەمدا بۆیان بە تاوان و خراپە دەژمێردرێ! و پێی مەحکووم دەبن!! لە ڕاستیدا لووتکەی ئەم شاکارە، هەڵسەنگاندنی ئەم دوو لایەنەیە و خاڵی بەرچاوی ئەم لووتکەیەش، هەڵسەنگاندنی ئەم دوو لایەنەیە لە باسی پەپووسڵەمانەدا.

ڕێوی لە مەحکەمەکەی خۆیدا، لێکدا لێکدا لە وشەگەلی وەك: **مورتەد**، **کافر**، **فاسق**، **بێدین**، **مەلعوون**،... کەڵك وەردەگرێ، تەنیا بۆ ئەوەی دادگاکە پێوەندی بدا بە لایەنی شەرعی و لە بازنەی مامەڵەی تاکەکەسی و کێشەیەکی ناوخۆیانەی دووربخاتەوە و گرێی بدا بە مەیدانێکی بەرفراوانی

کۆمەڵایەتی و ئایینی! بەڵام سەرەڕای ئەم خاڵە بەهێزانـە، لایـەنی لاوازی کارەکـە بـەر لـە هـەموو شت لەوەدایە کە دانەر، ئاگا یا نائاگا ئاکامی داستانەکە لـەم بەرفراوانییـەدا، دەبەستێتەوە بـە کێشـەیەکی زۆر بچووکی کۆمەڵایەتی و مەبەستەکە دێنێتـە سـەر گرانفرۆشـی! هـەر وەك وا نیشـان بـدا کـە تـەنیا مەبەستی هەر ئەوە بووە و بەس؛ داستانەکە بەم بابەتە بچووکەوە دادەکوژێنێ.

لاوازییەکی تر لـەم کـارەدا، هەنـدێ عـەیبی شـێعری و لەگـەڵ یـەکتر نەخوێندنـەوەی کـێش و سـەروا و ڕەدیفە، کە ژمارەیان لە سەرجەمی داستانەکەدا زۆر نییـە و تـەنیا لـە چـەند جێیـەکی بەیتەکـەدا بـە زەقـی خـۆ دەنـوێنن. ئـەم دوو لایەنـە لاوازە، لـە بەرامبـەر دوو لایـەنی بـەهێزدا ڕاوەستاون. یـانی: (١) کێشەیەکی گەورە و گرینگی کۆمەڵایەتی، وەك کەڵكوەرگـرتن لـە کەشـیدە و نوێـژ و ڕۆژوو بـۆ فریـوی جەماوەر، کێشـەیەکی بچووکی وەك گرانفرۆشـی بـۆ کراوەتـە ئاکام. (٢) تێکـەڵ بـوونی هەنـدێ دێـڕی عەیبدار و لە ڕوانگەی شێعرییەوە لاواز و ناتەواو، بە سەدان شێعری پتەو و قـورس و قـایم و لـە لانـی شێعرییەوە بێخەوش و سەرکەوتوو.

ئەم دوو خاڵە، دەرگای هەندێ شـك و گومـان بـە ڕووی ڕەخنـەگری بابەتەکـەدا دەکەنـەوە و نەویستە، هەندێ نیشانەی پرسیار دەخەنە ڕوو.

بەڵام با ئەوەش بگوترێ کە؛ عەیبی شێعری، لە ئاوەها بەرهەمێکی تەنزدا، کە ڕووی دەمی لـە ڕەشـایی جەماوەرە و زۆر لە فولکلۆر نزیك دەبێتـەوە، جێـی سـەرنج نییـە و مامەڵـەی عـەیبی شـێعری لەگەڵدا ناکرێ. بۆ وێنە لە شاکارەکەی عوبەیدی زاکانیدا، سەرلەبەری دێڕەکان بە (ئەلف)ێکی بـە زۆرەوە لکاو دواییان پێدێ، کە ئەو ئەلفـە لـە شـێعری فارسـیدا، کـە **ئیشـباع** ی نـاوە، بـە عـەیبێکی نـەك بچـووك، بەڵکوو ناشیيانە و گەورە دادەنرێ. دیارە خەوشێکی بەم زلییـە، ئـەویش نـەك جارێـك و دووان و سـێ، بەڵکوو پتر لە نەوەد جار، لە وێژەوانێکی وەك عوبەید، کە لـە پلـەی یەکـەمی وێـژەوانانی فـارس دایـە، بە هیچ چەشنێك چاوەڕوانی ناکرێ. بەڵام شاعیر بە ئاگاداری و شـارەزایی تـەواوەوە ئـەم کـارە دەکـا و دەیەوێ مەبەستەکە لە کۆڕی وێژەوانان و پسپۆڕانی ئەدەب، ڕاگوێزێ بۆ ناو کۆمەڵانی بۆرەخوێنـدەوار و نەخوێندەوار و کرێکار و فرۆشیار و هەروەها بۆ ناو کۆڵان و بازاڕ. بۆ؟ چونکە ئەمکارە، بەم چەشنە سەرکەوتووترە.

هاوینی ١٣٥٢ی هەتاوی [ ١٩٧٣] دەقی ئەم بەیتەم لـە زاری کـاك **ڕەشـاد شەمسـەددینی** لەسـەر شـریت تۆمار کرد. پاییزی ٢٠٠٠ هێنامە سەر کاغەز و پێشـەکیم بـۆ نووسـی و ئامـادەم کـرد تـا لـە پەخشـێکی کوردیدا بڵاوی بکەمەوە. زسـتانی ٢٠٠٢ تـوانیم لـە دەرەوەی وڵات بـڵاوی بکەمـەوە[٢]. ئێسـتا بـۆ جـاری دوویەم، بـە دەسـتکاری و بـە پێداهاتنەوەیـەکی تـەواوەوە، بـڵاو دەکرێتـەوە. ئەگـەر لـە بڵاوکردنـەوەی

---

[2] **بەیتی مام ڕێوی، تەنزێکی بەهێز و سەرکەوتووی ئەدەبی کوردی**، گزینگ، ژ٣٣، زستانی ٢٠٠٢(١٣٨١-١٣٨٠)، marsta- سوئێد، ل٤٧-٥٥.

پێشوودا هەڵەیەك هەبووبێ، ئەوە ڕاستم كردووەتەوە، هەندێ ئاماژەی پێویست لەم پێشەكییەدا زیاد كراوە، هەروەها فەرهەنگۆكی لەهجەی موكریانیشی بۆ ڕێك خراوە.

هەر وەك پێشتر لە زمان كاك ڕەشاد خۆیەوە ئاماژەم پێكرد، دیسانیش بە پێویستی دەزانم تیشكێك بخەمە سەر ئەوە، كە داستانی ئەم بەیتە، فۆلكلۆرە و كاك ڕەشاد داستانەكەی لە فۆلكلۆر وەرگرتووە و بە زەوق و سەلیقە و لێهاتوویی خۆی دایڕشتووەتەوە و بە نوكتەی ورد و جوانی كۆمەڵایەتی ڕازاندوویەتەوە و لە ڕاستیدا توانیویەتی بە كەڵك وەرگرتن لە دەقە فۆلكلۆرییەكە و لەسەر هەمان بنچینە، شتێكی تازە بخولقێنێ. دەقی داستانە فۆلكلۆرییەكەش یەكەمجار بە نووسراو، لە كتێبە بەنرخەكەی **ئۆسكارمان**دا هاتووە[٣].

نووسەری ئەم پێشەكییە دڵنیایە كە بە بڵاوكردنەوە و ناساندنی ئەم تەنزە بەنرخە، هەم بۆشایییەكی ئەم مەیدانە لە زەمانەكەماندا پڕ دەبێتەوە و هەمیش ئەم كارە هێژایە جێگای خۆی لە ئەدەبی كوردیدا وەدەست دێنێ.

مەهاباد – ٢٧ی سەرماوەزی ١٣٨٣ی هەتاوی

١٧ی دیسامبەری ٢٠٠٤

عەبدوڵڵا سەمەدی

---

[3] بڕوانە: **Die Mundart der Mukri – Kurden, Teil ll, Berlin, 1909, S. 10-14**

هەروەها؛ **تحفۀ مظفریە** بە زمانی كوردی موكری، گرداری ئۆسكارمان، پێشەكی و ساخكردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی كوردی **هێمن موكریانی**، بەشی یەكەم، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٥؛ لەچاپدانەوەی كتێبفرۆشیی سەیدیان، مەهاباد، ؟، لل. ١٩٢ – ١٩٥

ڕەشاد شەمسەددینی (بێبەش)

زستانی ١٣٤٥ی هەتاوی

## دەقی بەیتی مامڕێوی:

ڕۆژێك یەك ڕێویی پیری فێڵەباز
نەقشەی ئایندەی بۆ خۆی دەکرد ساز
دەیگوت من دەبێ دوو ڕێگا بگرم
یا ڕاوێ بکەم، یا بۆخۆم بمرم
ئەمجار دەیفەرموو فکرم بلاوە
ئەمە تەواوی خەیاڵ پلاوە
کوا تۆ بە پیری ڕاوت پێدەکرێ؟
ئەحمەق ڕێویی پیر دەبێ بمرێ!
چونکین بەرەوژوور، یا سەربەرەوخوار
کەوتووی، ناتوانی هەڵێی وەکوو پار
جا چون ئەمڕۆکە قەوەم نەماوە
ڕۆژی حیللەیە و کەڵەك و داوە.
واچاکە ئەلعان ببم بە حاجی
پەیدا بکەم بەرماڵ و تەسبیحی ناجی
دەسبکەم بە زیکر و بە نوێژ لەسەر بەرد
لەسەرمی بەستم کەشیدێکی زەرد
با بلێم حاجیم و دێمەوە لە حەج
تۆبەم کردووە و ناگرم ڕێگای کەج
دەلێم بەم شوکرەی حەج بۆم بوو مەوجوود
تۆبە لە زینا و درۆ و پوولی سوود
چون حاجیم، قازیم، بەڵەدم، مەلام
هەژار و فەقیر هەستن بێنە لام
چۆن بلێم: ها! گەنم بە پەنجا تمەن،
ئەمجار ڕۆڵە گیان بیفرۆشە بە من
بۆت حیساب دەکەم بە پەنجا تمەن
من دۆستی بابتم، چۆن دەبمە دوژمن؟!
من تۆبە، حیللەی ئاوا ناگێڕم
من عاشقی دینم، کوا عاشقی زێڕم؟
ئەو تەبلیغاتە کە بکەم تەواو
بیکەمە دەسماڵ بۆ بەستنی چاو
تەواوی مەلان فریو دەخۆن بۆم
ئەمجار دەتوانم یەك یەك بیانخۆم.
مامڕێوی فکری هێنا سەر ئەوە
کەرێك پەیدا بکا بەم نیوەشەوە
هەستا لە ڕێوە کەری پەیدا کرد
کەشیدەی زەردی بۆ سەری ساز کرد
لێی سواری کەر بوو بە کەشیدەوە
کەڵەبابێك دیی، واقی بردەوە!
وتی: عەجایب، باوەڕ ناکرێ!
دەبێ بۆ کوێ بچێ بە سواری کەرێ!!
کە لێی خورد بۆوە و زانی ڕێوییە
قاتڵی ئەوە و دەعبای کێوییە
کەڵەشێر کوتی: چاکت دەناسم
گەرچی قاتڵمی و من لێت هەراسم
لە بۆ کوێ دەچی بەم کەشم و نەشمە
تۆ و مامە ڕێوی، ئەم ڕیش و پەشمە؟!
بەم کەشیدەوە، بەرماڵ و تەسبیح
بەم زیکر و ویردەی دەیفەرمووی فەسیح

له بۆ کوێ دەچی و مەقسوودت کوێیە؟
ئەم کەشیدەیەت لەبەرچی پێیە؟
وتی خۆ ئەتۆ قورئان دەزانی
بەلای خۆت مەلا و ساحێب ئیمانی
چۆن تۆ عالم بی و شەرع بزانی
قەتت نەچووبێ نوێژی بەیانی
نازانی ئەمن دەچم بۆ حەجێ؟
چۆن پیاوی عالم بە سەهوو دەچێ؟!
تۆ ئەهلی عیلمی بۆ حەجێك ناکەی؟
خێر و سەوابێك بۆخۆت پەیدا کەی؟!
ئاخری و ئاقیبەت مەلای هیچ نەزان
بە بارەقەڵڵا و تەعریفاتی جوان
بێوەی هیچ بڵێ، فریوی خوارد بۆی
چوو لە پشتەوە سوار بوو وەکوو خۆی.

★ ★ ★

ئەمجار مامڕێوی، زاڵمی دەرەبەگ
وەندە نەڕۆیی، گەیشتە لەگلەگ
بانگی کرد لەگلەگ: ڕێبوار لە بۆ کوێ؟
لە بۆ چ لایەك تەشریفو دەچێ؟
ڕێوی بانگی کرد: باوکەکەم! حاجین!!
دەڕۆین بۆ مەککە و بە حەج موحتاجین!
با کەر ماندوو بێ و جێگاش بگری
چونکی ئیسلامی و ئاخری دەمری
کە بۆ[ئە]م ڕێگایە بێی بە دڵی کەباب
مەجبوورم دەتبەم وەکوو کەڵەباب
وتی: مامڕێوی! تۆ زیددی منی
کوا جێی باوەڕی؟ بە من دوژمنی
کە بیانوو نەگری و قەسەم بخۆی بۆم
منیش دێم بۆ حەج، ڕەفیقی ئەتۆم
وتی: هەزار جار بەم حەجەی دەیکەم
هەتا بمێنم خەیانەت ناکەم
بابم بە قورئان تۆبەم کردووە
شوکر، بۆ [ئە]و لانەی، دڵم مردووە
من بۆیەت دەبەم بۆ ئەم ڕێگایە
یا سوارم کردۆ ئەئەو مەلایە
من ئەو ڕێگایەم دوو جار بڕیوە
زۆر دەردی مار و بێئاویم دیوە.
تۆ بۆ شەڕی مار سەرنێزەت پێیە
حاجیی و غازیی ڕێی، بەهەشتت جێیە.
ئەمجار کەڵەباب، کە ئەو عالمە
بۆیەم هێناوە بەم دەرد و غەمە
من لە خۆفی مەرگ یەکجار دڵتەنگم
بۆیە بە دایم کز و بێدەنگم
دەڵێم مەبادا بکەم وەفاتێ
لە کاتی گیاندان مەلام نەگاتێ
با ببێ عالم لە پشت سەرینم
بەڵکوو ئیشەڵڵا مەحفووز بێ دینم
مەبادا شەیتان زەللە بکا پێم
ئاوری جەهەننەم بکا ماڵ و جێم
بە ئەم قورئانە مەنزوورم وایە
کە خوێندی مەلا و لە سینگی دایە

جا گەر دێی بۆ حەج، فەرموو وەرە پێش
کە ئیمانداری و ئەهلی ڕۆژوو و نوێژ.
کە لەگلەگ بیستی مەوعیزەی تەواو
لە حاندی ڕێوی دڵی بووبە ئاو
ئیدی خۆی نەگرت، یەکجار بە گشتی
لێی سواری کەر بوو، خۆی خستە پشتی.
ڕێوی لەگلەگی کە دیی لە دواوە
زەردێکی بۆ گرت و ئاوڕێکی داوە
وتی: لەخۆڕا کردم بە ڕەفیق
تا کەوڵی دەکەم پیوەی دەکەم دیق!
گۆشتی لە کوێ بوو ئەو دار و بەردە؟!
سەممی قاتڵە و سەبەبی دەردە!
وتی: ڕازیبە بە بەشی خودا
چی لەگەڵ دەکرێ کە ئەوەش نەدا؟
ڕێوی ئەوسەفەر ڕووی کردە لەگلەگ
بە پۆزێکەوە عەینەن وەکوو بەگ:
واچاکە بڕۆین بۆ ماڵی مەکە
خودا! لەو ڕێیە کۆمەگمان بکە!

* * *

وەندە نەڕۆیین لە شاخ و بەردێ
کەوێك بانگی کرد لە پەنا زەردێ
وتی: فێڵەباز! پیری زەمانە!
باڵندەت نەهێشت پار ئەودەمانە
ئەلعان بۆ شێخی، چت لێبەسەرهات؟
ئەو باڵندانە بۆ هاتوونە لات؟!
واچاکە بڕۆی لە پێشیان لاچی
من کەوی ڕاو بووم لە لای قەرەچی
تۆ چەتە و دز بووی لە پشت چادرەکان
بۆ سیرمە کۆنێ ملی خۆت دەشکاند!!
ئەمما کەشیدە یێکجار هەرزانە
لە بۆ ئیعتیبار فێڵێکی جوانە.
*ئەرێ مام حاجی کەشیدە پۆشی!*
*لە کوێیان دەخۆی وا کەیف خۆشی؟!*
ڕێوی هاتە جواب، وتی: مامە کەو!
ئازا و بەکاری فڕین و بدەو
توخودا نەسووحیش خراپ نەبوو زوو؟
بێئیمان نەبوو وەك ئەرمەنی و جوو؟
بۆچی لە پاشان کە ڕجووع بۆوە
خواش لێی قەبووڵ کرد و مسوڵمان بۆوە؟!
خودا فەرموویە: هەرگا مسوڵمان
لە پێش مردنی بخوازێ ئەمان
دەیبەخشم، فەوری ڕوحمی پێدەکەم
گوناهی پێشووی بۆ حیساب ناکەم.
من تۆبەم کردۆ، بەلای خۆی حاجیم
شاهیدی خەتمە، تەسبێحی ناجیم.
نابینی حاجیم، کەشیدەی سەرم؟
پێتوایە بۆ گۆشت ئیمانم بەرم؟!
کەسێك دەست بگرێ بە قوفڵی مەکە
نەعووزوبیللا، کاری وا دەکا؟!
تۆ بۆیە ئەلعان لە من زەنینی
ئیشی ئەوەیە بۆخۆت بێدینی.

من لەبەر بابت کە دۆست بوو بە من
دڵسۆزی تۆشم، نابم بە دوژمن
بۆیەت پێدەڵێین وەرە لەگەڵمان،
چبکەین، بە ئەتۆ ڕوون دەبێ دڵمان.
خوداڵێخۆشبووی باوکت نەماوە
ئەو وەسیەتنامەی بۆ من داناوە؛
نووسیویە: حاجی! لە پاش مردنم،
لە پاش ناشتن و تەڵقین کردنم،
هەرکات بۆ حەجی سێووم ڕۆیشتی
کە ساحێب دینی و ئەهلی بەهەشتی
کوڕەکەم لەگەڵ خۆت بۆ حەجێ بەرە
ئیجازەی بدە سواربێ لەم کەرە.
ئاوای نووسیوە لە کاتی ژیانی
خودا عەتا کا بە ئەو ئیمانی.
چون خواڵێخۆشبووی باوکت مردووە
ئەو وەختە عەهدم لەگەڵ کردووە
کە بچمە حەجێ، ڕۆڵە تۆش بەرم
ئەگەر دەرنەچێ و بتۆپێ کەرم
لەسەر ئەم عەهدەم، ئەگەر بمێنم
وەسیەتی بابت بەجێ دەهێنم.
تۆش ڕەفیقمبە لەحەج کردنم
کوڕی جوانچاکی خاڵ لە گەردنم!
ئەجەل لە شوێنی هەموو کەس وێڵە
کێی مۆڵەت داوە بڵێ جحێڵە؟!
ناتکەم نەسیحەت بە کینە و دەهۆ
من قاتڵم سەگە و تۆ پیرەهەڵۆ

چون ئاقیبەتی هەمووی مردنە
ڕۆژی تۆبەیە و پەنا بردنە!
ئێمە ساحێبی دوژمنی وا بین
دەبێ بەدین و دۆستی خودا بین
جا تۆش بۆ نایەی بچین بۆ حەجێ؟
ببیە ڕەفیقمان تاقەتمان نەچێ.
کەو فریوی خوارد، سوار بوو لەخۆوە
ئەوەی دەیزانی، لەبیری چۆوە.
حاجی بە حیللە و بە کەشیدەی زەرد
کەوی هێنا خوار لە ڕەوەز و بەرد
کە سوار بوو، وتی: ڕۆڵەی شیرینم!
ڕەفیقی حەج و ڕێگای یەقینم!
وەختی نوێژ هاتووە، چبکەین لەبۆ ئاو؟
بگرین لەسەری دەستنوێژی تەواو.
چون ڕۆژ درەنگە، لە تاوان گێژم
دڵم دەتۆقێ بفەوتێ نوێژم.
وتی: دابەزن، یێکجار ماندوو بووم
کە ئاو نییە، نوێژم بکەم بە تەیمووم.
ئەم سەفەر حاجی لە کەر هاتە خوار
هەڵیگرت بە خاك تەیەمموم دوو جار
کە نوێژەکەی خوێند و ئاوڕی داوە
کەشیدەی سەری بە با کراوە.
فەورەن کەشیدەی بەستەوە لەسەر
ساز بوون هەموویان، لێی سوار بوون لە کەر
سەریان سوڕ مابوو لە نوێژی ڕێوی
کە بە تەیەمموم دایبەست لە کێوی

وتیان بە یەکتر: ئێمە نەزانین
کوا خاوەن عەقڵ و ساحێب ئیمانین؟
بۆ دەبوو ئەووەڵ باوەڕ نەکەین پێی
لەو زاتە گەورە ئەمین نەبین لێی؟
٭ ٭ ٭
لەسەر ئەم نەقڵە و ئەم بەحسە جوانە
بەرەو مەدینە، کە بوون ڕەوانە
وەندە نەڕۆیین، کە سوار بوون هەموو
لەبن کەڵەکێك بانگی کرد پەپوو؛
وتی: لە بۆ کوێ لێی سوار بوون بە ناز؟
ئێوە و ڕەفیقی ڕێوی حیللەباز؟!
نازانن ئەوە لەبنەوە برە؟
بێدین و مەلخۆر، جوچکە زگدڕە؟
وتیان: مام پەپووی وریای بە شعوور
وا بانگمان دەکەی و دەخوێنی لە دوور
چ حەددت هەیە بڵێی بەم زاتە
کە کەوتنە شوێنی مایەی نەجاتە
ئەعازەنەڵڵا بڵێی بێدینە
لە ڕێگای بوغز و حەسەد و کینە.
پەپوو هاتە جواب، وتی: براکان!
قەسەم بە شێخان و بە دەستەی پاکان
ناتانباتە حەج، برای هاودینم
لە نیوەشەودا مەرگتان دەبینم
ڕێوی هاتە جواب، وتی: مام پەپوو!
خۆ بابت وەك تۆ بێئیمان نەبوو!
من بابتم دیوە لە لای سولەیمان
زۆر مسوڵمان بوو، یێکجار بە ئیمان
هیند خۆشەویست و پایەبەرز بوو
ئیتاعەی نەبی لە لای فەڕز بوو
حەزرەتی سولەیمان لە کاتی ژیانی
ئەو پێغەمبەرە گەورە و نوورانی!
کردی بە وەزیر، بۆ تەگبیر و ڕا
لە سەر باوکتی کرد ئەو تاجە پەڕە
زۆرم پێحەیفە ئەلعان ئیتۆیە
چون پیشەت خواردنی سوێندی درۆیە.
لەبیرمە بابت لە خزمەت نەبی؛
یادی بەخێر بێ و عەفوو بێ ڕەببی!
ڕۆیشت لە بۆ حەج، بۆ کردنی تەواف
لەبەر خودای خۆی، بە دڵی پاك و ساف
زۆر حەیفە ئەتۆ عەولادی ئەوی
چون تۆ بەجارێك شانت کرد نەوی!
پێم بە تەما نی ئەتۆ بمری
وا ڕێگای فەڕز و تاعەت دەگری!؟
لە بری بۆ ڕەزای خواوەندی جەلیل
حەجمان لەگەڵ بکەی و ببی بە دەلیل
کەچی جەنابت مانعی حەجی
ئیشەڵڵا ئەتو بۆ بەهەشت ناچی.
پەپوو کە بیستی ئەم نەقڵ و قسە،
ڕووی کردە ڕێوی، عەرزی کرد: بەسە!
وتی: دەتەوێ وەکوو ئەمانە
ڕەگەڵ خۆتم خەی بەم بیانوە جوانە؟!
ئەو وەخت نیوەشەو بمبەیە کونێ
لە شاخ و کێو و چڕ و بەندەنێ

بیانووم پێبگری و بمکەیە شامت؟
ئەوە ئەمن نیم بکەومە داوت!
ڕێوی پێکەنی، قاقای بۆ کێشا
وتی: زۆر سەیرە، قسێکی خۆشە!
تۆ باوەڕ دەکەی بە هەوای نەفسم
ببەم شەرەف و ئابڕوو و نامووسم؟!
لەو ڕێگا پاکە، ڕەفیقانی خۆم
ئەعازەنەڵلا، پچم بیانخۆم؟
ئەم فکرە فۆڕە دەربکە لە سەر
وەرە بۆ حەجێ و لێی سوار بە لە کەر
ئەمەش بزانە، چون ئاخری دەمرم
بە عەزمی خواردن هیچ مەلێ ناگرم!
بۆیەت پێدەڵێم تۆش تەشریف بێنە،
بۆ ڕەزای خودا حەج بەجێ بێنە،
دەزانم ئاخری هەمووی نەمانە
کەوایە، ڕۆژی تۆبە و ئەمانە!
دەغیل و ئامان بۆ ئەو ڕێگایە،
بە فریوی شەیتان خۆت مەخە دوایە!
بە حیللەی ڕێوی، ئاخری مام پەپوو
چوو لە پشتەوە وەك ئەوان سوار بوو.
کە سوار بوو پەپوو، ڕێوی بە گرژی
کوتی: مام پەپوو! تۆ بۆچی قرژی؟
دڵی ساف تۆ بۆ حەج لەجۆشە
ڕەنگبێ ئیتۆ بێ ئەو بۆنە خۆشە!
وتی: بەخۆڕا هێنام مام پەپوو،
بەو بۆنە پیسەی مێشکی سەرم چوو!

وتی: ڕازی بە بە تۆزە بۆنێ
ئەوە چاکترە لە سیرمە کۆنێ.

⋆ ⋆ ⋆

وتی: حاجێکان! با بەڕێ کەوین
نەك وەختی بڕاو و فریا نەکەوین
سواری کەری کرد هەمووی بە جارێ
وەختی ڕۆژپەڕ و نیزیك ئێوارێ
لە هەورازی دا و لە کەل سەرکەوت
دوو کۆتر چاویان بە ڕێوی کەوت
پێیان سەیر بوو ئەو خێڵ و بارە
وا بە درەنگەوە و لە لائێوارە
کۆترەکان وتیان: ماندوو نەبنەوە
بۆ بوونە ئەسیری دەستی ئەو جووە؟
وتیان: حاجییە و تۆبەی کردووە
بۆو لانەی (دەڵێن!)، دڵی مردووە.
وتیان: چۆن باوەڕ دەکەن بەم گورگە!
تۆبەی بەڕاستی نەمان و مەرگە
نازانن ئەوە قاتڵە بۆ ئێمە؟
چوار جوچکەی خواردووین، پەروەندەی پێمە
ڕێوی هاتە جواب؛ کوتی: کۆترەکان!
بەم حەجەی دەچم، قەستەم بە قورعان!
بە درۆ پیاوی پاك نابێتە دوژمن
کەشیدەی سەرم شاهیدە بۆ من.
قەلەسابوونی جوچکەی ڕفاندووی؛
خجاڵەت نابی بە من دەڵێی جووی؟!
ئیفتیڕاو پێم کرد بەم کەشیدەوە
ئافەرین! قاتڵی جوچکو دیتەوە!!

قەستەم بە خودا، لە ڕۆژی مەحشەر
شکایەت دەکەم لە لای پێغەمبەر.
گەر قاتڵی جوچکەم بە قسەی ئێوە
کە بوختان ناکەن لەم شاخ و کێوە
کوا شاهید بڵێ: " بە ملم وەباڵی "؟
کوا سەری جوچکەت؟ یا تووك و باڵی؟
ئێوە دەفەرموون: پەروەندەم هەیە،
ئەگەر ڕاست دەکەن، ویژدانو هەیە،
کوا عەکس و مۆر و ئیمزای کاغەزم؟
بە چ دەلایل قاتڵ و دزم؟
گەرچی پەروەندەو زیندوو کردنەوە
لە پاش هەزار سوێند، بە درۆ کەوتنەوە،
بۆوەی لێونەگرێ خودا غەزەب زوو،
زەلیلو نەکا لە دەستی باشوو،
کە بێنە حەجێ، ئازادو دەکەم
هەرکتان دەبەخشم، ڕوحمو پێدەکەم!
فەرماییشاتت وتیان زۆر جوانە
حازرین بێین بۆ حەج لەگەڵ ئەوانە
عەتا و بەخشینی ئەتۆ تەواوە
ترسی عەزابی خودامان ماوە!
وتی: زامنم لە ڕۆژی مەحشەر
بۆخۆم دەتانبەم بۆ لای پێغەمبەر
دەڵێم: ئەم دوانە مەنسووبی منە
وجوودی ئەمن بۆ[ئە]وان زامنە
ئەمجار خۆ ئیدی قسەو نەماوە
فەرموون! تەشریفو سوار بن لە دواوە!

کۆترەکان سوار بوون لە دوای پەپۆوە
دەگریان بە جووت، هەرکیان پێکەوە.

⋆ ⋆ ⋆

ئەمجار مامڕێوی، بەم کۆڵ و بارە
کەوتە خەیاڵ و غەم و پەژارە
وتی: من دەبێ کارێکی وا بکەم
ئەشکەوت و کونێك بۆیان پەیدا کەم
وتی: براکان! ئەوە شەو داهات
ڕۆینمان پێ ناکرێ، ناگەینە ئاوات
وەرن بۆ ئەمشۆ جێیەك دەزانم
هێلانەی خۆم بۆ و جێگەی شەوانم
با پچین پخەوین، سەرم دەکا ئێش
تاکوو سبحەینێ هەڵدەستین بۆ نوێژ
وتیان زۆر چاکە، هەموو حازرین
بۆ تۆ موتیع و عەبد و نۆکەرین
تێکڕای وەپێش دا، بۆ نێو ئەشکەوت
بردنیە لای ژووروو، لە دەرگا خەوت.

⋆ ⋆ ⋆

لە نیوەشەودا کەڵەبابە سوور
بە عادەتی خۆی، خوێندی "قووڕە قووڕ"
ڕێویش کە لە خودای دەویست ئەئەوە
بیانوێك هەڵکەوێ بەم نیوەشەوە
هاتە جواب، وتی: مەلای بێسەواد!
گووم بە قەڵەم و شاقەلی کەوات!
بۆ بێدەنگ نابی، قاتڵی گەندوگوو
بەم قووڕە قووڕە مێشکی سەرم چوو

نازانی شەڕەبانگی نیوەشەو
دووهەزار هەتیو هەڵدەستێ لە خەو؟!
شەرع نەزانی، بێئاقڵی نەفام!
ویژدان مەحکوومت دەکا بە ئێعدام.
کە دای پەلامار و گرتی گەردنی
بووبە قابیس و پەیکی مردنی
حاجیی بێئیمان، بەم شکڵ و وێنە
بە عومری مەلای دوایی پێهێنا.
⋆ ⋆ ⋆
لە پاش ئێعدام و هەرا و چەقەچەق
لەگلەگیش دەستی کرد بە تەقەتەق
کە حاجی زانی ئیعتیباری چوو
ڕۆژ مەعلووم بکا، هەڵدەفڕن هەموو
تووڕە بوو، وتی: درێژی زەلام!
بۆ چۆکت دەگێم، پێت وا کەر و گام؟!
نازانی شەرعەن ئەم تەقەتەقە
چەند لە بۆ ئیسلام مەکرووە و ڕەقە؟!
مەخسووسەن خەڵك لە ئەم هاوینە
لە بەر چەتە و دز، یێکجار زەنینە
ناترسی لە دێ هەڵبستێ هاوار؟
بێن دەسگیرمان کەن لە ئەشکەوت و غار؟
چون تۆ دەتەوێ بمدەی بە گرتن
بمدەی بە دوژمن بۆ ئێعدام کردن
خاینی بێشەرەفی بێعەقڵی نەزان!
ئەلعان مەحکوومی بە مەرگ و نەمان
فەوری پێیداهات، لە هەلۆ گشتتر
کەوڵی کرد لەگلەگ و کردی بە وشتر

⋆ ⋆ ⋆
لە پاش خواردنی لەگلەگی برا
کەویش قاسپ و هۆڕ کردی بە هەرا.
کە ڕێوی بیستی قاسپەقاسپی کەو
بۆ بیانوو گرتن ڕاپەڕی لە خەو
وتی: زۆڵە کەوی قرتی بێشەرم!
بۆ بووکم بۆ دێ، بەزمت کرد گەرم؟!
تۆ تەوهینت کرد بە ماڵی مەکە
ناکا بێیە حەج، خودا عەفووت کا!
حیزباب! قاسپ و هۆڕ لەم کونە بەردە
پێت وا بەندەن و ڕەوەز و زەردە؟!
ئەوە مەعلووم بوو، بێئابڕووی لۆتی
هەزار حەجیش بکەی هەر وەکوو خۆتی.
چون هەرزە و سووکی، بەسەری بابم
مەحکوومی ئەلعان ببیە کەبابم!
کە تاوی دایە، سینگی کەوی گرت؛
بە دەم ڕێوییەوە گیانی دەرچوو، مرد.
⋆ ⋆ ⋆
لە پاش خواردنی کەوی خاکسار
پەپووسڵەمانکەش خوێندی دوو سێ جار
هەروەندە بیستی بوو بوو بووی پەپوو
لەویش تووڕە بوو، لێی ڕاستەوە بوو
تووڕە بوو، وتی: من بێحەق و مز
بۆیەم هەڵگرتی، باوك چەتە و دز
کە تۆبە بکەی لە شوێن و دابت
نەك پچێوە سەر خوو و ڕەوشتی بابت

بابە سەگەکەت لە پێش تۆپینی
گووی سەگ بە گۆڕ و مەزهەب و دینی،
لە بارەگاهی ڕەسووڵی خودا
یەعنی سولەیمان، ڕووحم بێ فیدا
نەترسا لە مەرگ، ئەو تاجەی دزی
کە ئاخری تۆپی و لە گڵدا ڕزی
ئەلعان ئەم تاجە تۆ ناوتە لە سەر
بە قانوونی من و شەرعی پێغەمبەر
چون ئەلعان لە تۆ ئاشکرا بووە
باوکت دزیویە و ئەویش مردووە
بە جێگای باوکت ئێعدامت دەکەم
بەم مەکەی دەچم، ڕوحمت پێناکەم.
کە تاوی دایە، سەری پەپووی گرت
جەرگ و ڕیخۆڵەی بە گۆڕێ وەرکرد.
⋆ ⋆ ⋆
ئەمجار مامڕێوی بە کەیفی تەواو
بە خۆی کوت: حاجی! ئاوا دەبێ ڕاو!
ئەمجار کۆترەکان بە هەوای جاران
بە گممە و ناڵە فرمێسکیان باران[د].
ڕێوی ڕووی کردە دوو کۆتری فەقیر
وتی: پێموابوو پێکاون بە تیر!
بۆ بابو مردۆ، بۆی دەگێڕن شین؟
مەلعوونی مورتەد! فاسقی بێدین؟!
بۆ نالێن بە من چیو لێقەوماوە؟
کامەتان بابو مردۆ و نەماوە؟
وتیان: عەرزت کەین دەردمان تەواوی
دوو قەلمان دۆستە، دەگەڵ مراوی
کە ئیجازە بدەی، بەوە بڵێم بڕۆ
من بارمتە بم لە خزمەت ئەتۆ
ئەلعان هەر سێکیان دێنێتە حوزوور
لە سایەی لوتفت، کارمان دەبێ جوور
حاجی پێکەنی، کەشیدەی دانا
وتی: زۆر باشە! فێڵێکی جوانە!
ئیجازە دەدەم، پێی بڵێ بڕۆ
هەرسێکیان بێنێ بۆ لای نیوەڕۆ.
نێرە بە دزێوە، وتی بە مێوە:
هەستە بگەڕێ لەم شاخ و کێوە
دەبێ تاجی و تولە بە ڕێوی فێرە
بە هەر نەوعێك بێ، بیهێنیە ئێرە
کە مێوە فڕی، دەرچوو لە تەڵە،
بە ڕاوچییەکی دی، دوو تاجی و تولە
کۆتر وتی: دەبێ مەکرێ دەرێنم
تاجی و تولە هەرسێك بکەونە شوێنم.
دەستی کرد بە لاق و بە باڵ هەڵاتن
هەرسێکیان بە غار بە دوویدا هاتن
بەم جۆرە بردی سێ تولە و تاجی
تا دەرگای ئەشکەوت، بانگی کرد: "حاجی!!"
وەرە ڕەفیقم هەرسێك لەگەڵە
نازانم بۆ بوون بە تاجی و تولە؟!
وتی: برا گیان! مەیانهێنە پێش!
گڵاومان دەکەن، دەمانبەن لە نوێژ!
وتی: ئەوەتا، واتدەکەن عەرز
بۆیەت پێدەڵێم و لێم بۆتە فەرز

دەڵێن: بێتە دەر، یا دێینە ژووریٚ
یا تولّە دەنێرین، دەبیٚ ببووریٚ.
وتی: ناکریٚ دوور کەون کەمیٚ؟!
ڕازی بن بەوەی نوشتەیان دەمیٚ؟!
کۆتر عەرزی کرد: کە نەڵێی وەرن،
یەکسەر دێنە ژوور، هەر سێکیان کەرن!
کە زانی ڕێوی چارەی ناچارە
کەشیدە ئیدی بیٚئیعتیبارە
دەستبەردار نابن، دەگەونە شوێنی
بۆوەی نەیکوژن و نەڕێژن خوێنی
بەرەوخوار هەڵات، وەندەی پیٚنەچوو
گێڕایانەوە و ڕێوی دەرنەچوو.
ڕێوی بە خۆی گوت: پیسم لێقەوما
ڕێگای خەلاسی و نەجاتم نەما
زۆرم حیللە کرد بگەم بە مراد
لە ڕێگای حیللە ئاوام بەسەر هات!
کە تاجی لێیدا و تولّەی گەییە سەر،
جەرگ و ڕیخۆڵەی ڕێوییان هێنا دەر.
فریا نەکەوت بڵیٚ: ئەشهەدوو
بە بیٚئیمانی وەفاتی فەرموو!

★ ★ ★

تەواوی حاجی ئەوڕۆکە ئاوا
حەجیان بۆ فێڵ و کەڵەك و داوە
تای قەند بە قەرز بە سێسەد تمەن
زۆر سەیرە حاجی، ئیمانیش ببەن!
چۆن قەند بە دەتمەن؟! کاری وا بیٚجیٚ!
قەستەم بە خودا نەچوویە حەجیٚ
بڵێی وەك ڕێوی، عاقیبەت خودا
بە حیللەی حاجیان دوایی پێنەدا؟
کەوایە " بیٚبەش "، با هەڵێشکەویٚ
قەت لەبۆ کەڵەك، کەشیدەت نەویٚ.

* * *

# فەرهەنگۆك

**لە مانا کردنەوەی ئەم وشانەدا، دوو تایبەتمەندی وەبەرچاو گیراوە: (۱) بە پێی دەقی بەیتی حازری. (۲) بە پێی لەهجەی موکریانی.**

| | |
|---|---|
| **ئەرمەنی** | وشەی ئەرمەنی لە موکریاندا بەرامبەرە لەگەڵ **مەسیحی**. واتە ئاماژە بە دینە، نەك ڕەگەز |
| **ئی‌تۆ** | هی‌تۆ |
| **ئەو** | (ئەم) و (ئەو) لە بنلەهجەی موکریانیدا هەر بە یەك وشەی (ئەو) دەگوترێ. واتە (ئەو) هەم بۆ ئاماژە بە دوورە و هەم بۆ نیزیك |
| **ئەلعان** | ئێستا |
| **بدەو** | ڕۆیشتنی زۆر بە خێرا، ڕاکردن |
| **بە سەهوو چوون** | هەڵە کردن |
| **بارەقەڵڵا** | بارەکەڵڵا |
| **پۆز** | Pose وشەیەکی فەرەنسییە بە مانای کەڵافەت، لەشولار. بەڵام لە موکریاندا هەندێك لە مانای ئەسڵیی خۆی لایداوە و بریتییە لە کەسێك کە بە لەخۆبایی بوون و شایی بەخۆ هاتن، لەبەر چاوی خەڵك خۆ ڕابنێ. |
| **پەروەندە** | دۆسیە |
| **پچم** | بچم، بڕۆم (لە موکریاندا هەندێ ب دەگۆڕێن بە پ، وەك پشۆ، پخۆ، پچۆ... لە جیاتی بشۆ، بخۆ، بچۆ...) |
| **تۆز** | نەخت، هیند، کەم |
| **چت** | چیت ( وەك: چت پێ‌بڵێم) |
| **چونکین** | چونکە |
| **خاکسار** | خاکەسەر، کلۆڵ |
| **دڵی بووبە ئاو** | دڵی پاك بۆوە، لە گومان و دوو دڵی هاتە دەر، بریتییە لە خاترجەم بوون پاشی دڕدۆنگی و نیگەرانی لە کارێك |
| **دەگەڵ** | لەگەڵ |
| **سیرمەکۆن** | باریکە چەرمی لە کەڵك کەوتوو |
| **شەڕەبانگ** | خوێندنی کەڵەشێر و وەڵامدانەوەی لە لایەن کەڵەشێری دیکەوە |
| **قرت** | بە ئەدا و ئەتوار، سووکەڵە، پێچەوانەی گران و سەنگین |

**قرژ** لێکهاڵانی موو، لێکبڵاوکردنەوەی پەڕوباڵ لە باڵندەدا

**قەرەچی** هۆزێکی گەورەی کۆچەرین کە پتر لە دوو هەزار ساڵە بە دنیادا بڵاو بوونەوە و بەبێ ناسینی هیچ سنوورێك، هەموو گیتی بە مەوتەنی خۆیان دەزانن. یەکەمجار لە **باکووری ڕۆژئاوای هیند**ەوە وەڕێکەوتوون. قەرەچییەکان لە ناو هەر هۆز و نەتەوەیەکدا بژین، بە زمانی ئەوان قسان دەکەن" بەڵام خۆشیان خاوەنی زمانێکی تایبەت و سەربەخۆن بە ناوی **ڕوومی** یا **ڕوومنی** کە لە دەستەی زمانەکانی **هیندو** — ئەورووپی‌یە و ڕیشەی دەچێتەوە سەر **سانسکریت**. لە ناو قەرەچییەکاندا شاعیر، نووسەر، فەیلەسوف و هونەرمەندی گەورە هەڵکەوتووە و گەلێك بەرهەمی زۆر بە پێز و گرینگیشیان هەر بە زمانەکەی خۆیان نووسیوە. لە ناوداران و کەسایەتییە بەرزەکانی قەرەچی، کە لە دنیادا ناسراوبن، ئەبووحەنیفە ئیمامی ئەعزەم، پێشەوای مسوڵمانانی حەنەفی و **ئەبوودەلەف** شاعیر و جیهانگەڕ، و **تیپۆ لەنگرۆ** نووسەری بەناوبانگی ئەورووپی، **جانگوورینهاردت** مۆسیقازان، **ڕۆزاتایکۆن** و **کاتارینا تایکۆن**ی خوشکی کە لە ئەورووپا و بە تایبەت لە سوئێد بە ناوبانگن، هەروەها کەسانی وەك: **تیکنو ئاجامس**، **جورج باردۆ** و ...دەتوانین ناو بەرین. تا ئێستا لە زۆر وڵاتدا قەرەچی هەیە کە نیشتەجێ بووبێ و ئایین و فەرهەنگ و دابی ئەو وڵاتەی وەرگرتبێ. بەو پێیە هەرچەند دەبێ قەرەچی وەك نەتەوەیەکی گەورە و سەربەخۆ لێی بڕوانرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، بەڵام دەکرێ قەرەچییە نیشتەجێبووەکانی هەر وڵاتێکیش وەکوو بەشێك لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە سەیری بکرێ. قەرەچییەکان بە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی دنیادا بڵاوبوونەوە و لە هەر وڵاتێکیش ناوێکی تایبەتیان پێدەگوترێ، و بەداخەوە زۆربەی ئەو ناوانە مانای ناحەزیان هەیە. بەڵام ئەوان خۆیان بە **ڕۆم** ناو دەبەن کە بە مانای **مرۆڤ** ە (= بەراورد بکرێ لەگەڵ **دۆم** لە زمانی کوردیدا). لە ئاسیای ناوەندیدا پێیان دەڵێن **موغات** کە لە وشەی **موغ** ەوە هاتووە، بە مانای ئاگرپەرست. لە تاجیکستان و تورکمەنستان بە **جوگی** و **مازنگ** ناویاندەبەن، و لە ئوزبەکستان **لوولی**. ناوەکانیان لە وڵاتانی تری دنیا بەم چەشنەیە: ئاڵبانی **مەگیو** magiou، ئاڵمان **ڕۆما** و **زیگونێر** zigeuner، ئەرمەنستان **پووشە**، ئەوڕووپای ڕۆژئاوا و ناوەندی و ناوچەی باڵکان **زیگان** یا **تزیگان**، ئەمریکا **جیپسی**، ئیسپانیا **ژیتانۆ** یا **گیتانۆ** zitāno/gitāno و **حەبانۆس** کە بە مانای **شەیتان** ە، لە ئەفغانستان کە قەرەچییەکان لە پلەیەکی زۆر نزمی کۆمەڵایەتیدا دەژین گەلێك ناویان هەیە وەك:

**لوولی**، **غوربەتی**، **غەرچە**، **کووچی**، **لووری**، **جوگی**، و... کە ئەم ناوانە سەرجەم ماناگەلی وەك نەزان، خوێڕی، ناچیزە، ناپیاو، نێرەمووك و... دەبەخشن. لە ئینگلیستان **جیپسی** و **کیپتی**  و **کیپت** کە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر **قفگ** و **قبگ** بە مانای دانیشتوانی میسری کۆن. ئیتالیا **زینگاری** و **زینگوری** zingeuri، لە بەرزیل قەرەچییەکان دوو دەستەن بە ناوی **کالۆنس** و **ڕۆم**، لە پورتوغال **چیگانۆ**، لە ترکیە **چنگانە** یا **زنگانە**، لە چیك **چیکن** یا **چیگن**، لە دانیمارك و سوئێد و نەرویژ **تەرتەرێس** tartares یا **فینت** بە مانای سواڵکەر، لە ڕووسیە **سردنی**/ **تسیاتسکی**/ **تسیگانی**، لە ڕۆمانی **تسیگانی** یا **تزیگانی**، لە سوریە **ڕۆم**/**مەنووش**/**سین‌تی**، هەروەها ئەو دەستە لە قەرەچییەکان کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونە سوریە ناویان **نوور** یا **نووری**یە کە دەچێتەوە سەر **لووری** کە پێشتر ئاماژەی پێکرا. لە سویس **زینگونێر** zingeuner، لە عەرەبستان و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بە قەرەچییەکان دەگوترێ **حەڕامی** کە بە مانای دز و جەردەیە. لە سێربستان **چیگانی** čiganin، لە فەرەنسە **بۆهمین** bohemiens، لە لیتوانی و لێمنۆس **سینتی** یا **سیندی** sinti/sindi کە ئاماژەیە بە وڵاتی باپیرانیان لە هیندوستان، لە لەهستان poland **زینگن** و **زیگانی**، لە مەجارستان hongrie **چیگانی/جیگانی** و pharaonemzetseg بە مانای فیرعەونی، لە میسر **غەجر**، لە هۆلەند **هایدن** hydens بە مانای کافر و بتپەرست و هەروەها **گرد** کە هەندێك بڕوایان وایە هەمان وشەی **کورد** ە، لە هیندوستان **جات**، **زات**(زُگ)، **جت**، **گجر**، و...، لە یۆنان **ئاسین گانی/ئاتکینگانووس/ئاتسینگانووس**، لە قەتەر **شەرشەن**. و لە زاراوە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردیدا ئەم ناوانەیان پێدەگوترێ: **قەرەچی**، **قەرەج**(بە مانای نەزان و تێنەگەیشتوو = غەرەج)، **کاوڵی**(ئاماژەیە بە مەوتەنی ئەسڵیی قەرەچییەکان، کە لە کاوڵ یا کابول ڕا بۆ ناوچەی سیند کۆچیان کردووە)، **پاپەتی**(بە مانای پێخواس)، **توشمال**، **چنگنە**(بە مانای بێئەدەب)، **چنگانە**، **چنگنە**، **سوزمانی**(بە مانای ئافرەتی ڕووداماڵدراو و پێکراو).   تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستەیەك لە قەرەچییەکان دەژین کە خۆیان بە **دۆم** dom ناو دەبەن. ئەم ناوە لە ئەرمەنستان بووەتە **لۆم**lom " بەڵام لە یۆنان کراوەتە **ڕۆم** rom. ئیستاش دەستەیەکی چادرنشین لە هیند دەژین کە بە خۆیان دەڵێن **دۆم**. لە فەرهەنگ و سەرچاوە کوردییەکاندا، دۆم و قەرەچی‌یان لێك جیا کردووەتەوە و دۆم بە هۆزێکی کورد ناو دەبەن و قەرەچی بە ناکورد. ئەوەی ئاشکرایە سەرچاوە کوردییەکان لەمبارەوە زۆر هەژارن و شتێکی ئەوتۆیان تۆمار

نەکردووە. هەروەها لە کتێبخانەی کوردیشدا، کتێبێکی سەربەخۆ یا تەنانەت وتارێکی تێروتەسەل لەم بابەتەدا نەنووسراوە. فەرهەنگەکانمان هەر بە ڕستەیەك بڕیویانەتەوە، وەك ئەم نموونانە: (**هۆزێکی تورکی کۆچەرین/ تایفەیەکن بێژینگ دروست دەکەن/ ...**).

**قەوە** هێز، توانا

**کەشم و نەشم** لەنجە و لار، غەمزە و ناز

**کوتن** گوتن

**کردی بە وشتر** خواردی (خواردنی بە کەڵەگایی و زۆرەملی)

**کەشیدە** سەرپێچی زەردی حاجیان، لە فەرهەنگە فارسییەکاندا ئەم وشەیە بە پەڕۆی باریك و درێژکۆڵەی نەخشدار مانا کراوەتەوە.

**گشت** پێچەوانەی خاو

**گرژ** تووڕە، چرچ و لۆچ خستنە ناو تەوێڵ

**لەڕێوە** دەستبەجێ، زوو

**مێو/مێوە** مێ، مێینە

**مز** (=مزد)، حەقدەست، کرێ

**ناجی** (ناجیل= نارجیل= نارگیل) ڕیشەی وشەکە **نارگیل** ە، کە بە عەڕەبیکراوە و بووەتە نارجیل. لە کوردیشدا بە ناجیل و ناجی سواوە. ڕەگەزی وشەکەش دەچێتەوە سەر **ئەنارگیل** anârgil کە زمانی پەهلەوییە. دارێکە لە تیرەی دارخورما palmacées بەرزایی تا چل میتر دەڕوا، گەڵاکانی ۴ هەتا ۵ میتر درێژن و بە نووکی دارەکەوە لکاون. لە چوار وەرزی ساڵدا میوەی هەیە و میوەکەی گەورەیە ، دیوی دەرەوەی دارێکی ڕەقە و دیوی ناوەوەی نەرم و گۆشتنە و دەخورێ. ئەم میوەیە لە دوای وشكبوونی هێندەی تر ڕەق و ڕێك و لووس دەبێ و دەروێش لەتكێك لە میوەکە بۆ کەشکۆڵ دەکار دێنن. هەروەها بۆ زیکر و دۆعا، تەسبیحیشی لێ‌ساز دەکەن. کەشکۆڵ و تەسبیحی ناجی لە عیرفاندا بە شتێکی موبارەك چاوی لێدەکرێ.

**واق بردنەوە** سەرسووڕمان

**وەندە** ئەوەندە، هێندە، زۆر

**هەرزە** جڵف، بڵح